پیٚ نەگریٚت لەغەمی من دامەبەو بۆم مەپاڕیٚوە).

زیاتر لە سالیٚك ئەسعەدو مندالەكانی ڕیٚگایان بە بەر دەرگای ستۆدیۆی من دا بوو بەدریٚژایی ئەوسالەو زیاتریش، شتیٚكی وایان نیشان نەدا بلیٚن بۆنی بیٚ ڕیٚزی پیٚوە دیار بیٚت، كەچی لەگەلٚ خەلٚكی ڕواندزیش لەوپەڕی بیٚ ڕیٚزیو ناپەسندیو بەدكاری دابوون، ڕۆژ نەبوو خەلٚكانیٚك ئەزیەت نەدەن. ئەوەی دیاربوو لە ڕواندز ئەسعەد شیٚتنەو دەستو پیٚوەندەكانی ببوونە باش جەندرمەی ئەوشارە.

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەشیٚویو ئالۆزی زیاتر پەرەی دەسەند، كۆمەلاٚنی خەلٚك هەستیان بەمەترسی دەكرد چی لەلایەن كار بەدەستانی دەولەتەوە، ئەوانەی لە ژیٚرەوە لە دژی حكومەت بوون چ لەلایەن كەسانی دەركەوتو لەژیٚر بەرگی كوردایەتی خۆیان داپۆشی بوو گوایا كورد پەروەرن، بەلاٚم ناسران كە كیٚنو كردەوەكانیان چین.

هەروەك لە سەرەوە نووسراوە باوكم لەگەلٚ عەباس ئاغا ڕیٚك كەوت بوو كە چەكدارەكانی ئەوان بە لای ئیٚمەدا نیٚن كە دەڕۆن بۆ ڕواندز، بەلاٚم بە دیاركەوت ئەو پەیمانی شكاندو پیٚشیٚلی كرد، ئەوەی زاندرا كە خزمەكانی ئیٚمە چووبوونە ژیٚر بالیٚ (عەباس ئاغا)و ڕازیان كردبوو كە پەیمانەكە بشكیٚنیٚو بە دەرگەلەدا تیٚپەڕن بۆ ڕواندز، وایان دیاركردبوو كە (سلیٚمان بەگ) كەسی لەگەلٚ نییەو كەسی لەگەلٚ ناڕوات، هەركاتیٚ لەشكر گەیشتە (دەرگەلە) ناوبراو بەناچاری یان دەڕوات یان سەر شۆڕ دەكات، وا دیاركەوت عەباس ئاغا بەقسەی ئەوان لەبەلیٚنەكانی كە بە باوكمی دابوون پاش گەز بووبووەوە، ئەوەبوو لە كۆتایی سالیٚ (1961) تاكو سەرەتای سالیٚ (1962) عەباس ئاغا بە لەشكریٚكی زۆرەوە لە ڕیٚگای (وەرتیٚ) دۆلیٚ شەهیدانەوە بەرەو گوندەكانی سەر بەئیٚمەوە (بەردگرتكەو خانەقاو ناوخەرابو كەلیٚتە) هاتن بەو نیازەوە بیٚن بۆ دەرگەلە، كاتیٚك دیتیان پشتیان لیٚ گیراوەو ژمارەیەكی زۆری چەكدار لە گوندی دەرگەلە كۆبونەتەوە، ئاگاداری عەباس ئاغاش كرابوو ئەگەر زیاتر بیٚنە پیٚش شەڕیٚكی خویٚناوی ڕوو دەدات، ئۆبالیٚ ئەو شەڕەش دەكەویٚتە ئەستۆی ئەوان. لەگەلٚ ئەوەش ڕانەوەستان، لەگوندی خانەقا دەست دریٚژیان كردە سەر چەكدارەكانی ئیٚمەو دوو چەكداریان چەك كردبوون، ئەو زیاد ڕۆیشتنە بوە ئالۆزیەكی ترسناكو مەترسیدارو بۆنی شەڕی پیٚوە دیار بوو.

## سەرەتای هەلگیرسانی شەڕ لە نیٚوان چەكدارانی سلیٚمان بەگو عەباس ئاغادا

ئەوەی دیار بوو سلیٚمان بەگ زۆر هەولیٚ لەگەلٚ عباس ئاغا دا بۆ ئەوەی ناخۆشیو شەڕ نەكەویٚتە نیٚوانیان، لەبەر ئەوەی شەڕی نیٚوان هەردوولا بە سودی نەیارانی هەردوولا كۆتایی دیٚت، بەلاٚم بە داخەوە هەولدانەكە بیٚ سوود بوو، بەهاتنی چەكدارەكانی(عباس ئاغا) بۆ سەر سنووری ئەوگوندانەی لەژیٚر چاودیٚری(سلیٚمان بەگ)دا بوون، ناوبراوی خستە قینو ڕكەبەریو پیٚی داگرت، ڕازی نەبوو

# بەشـــــی دەیـــەم

## ووتوویژی نێوان بزاڤی کوردو بەعس سەرنەکەوت

دریژەکیشانی وتوویژی سیّ مانگەی نیّوان دەستەلاتی بەعس‌و پیشمەرگەکانیکورد سەرنەکەوت، ریّك نەکەوتنی بووە هۆی فاکتەریّك بۆ بەعسیەکان‌و سودیکی گەورەیان لەم دەرفەتە وەرگرت، لە ماوەی ئەو سیّ مانگەی گفت‌وگۆدا بەعسیەکان توانیان تەواو جیّی پیّی خۆیان قایم بکەن‌و ئەمجارە زۆر بە ناپاکی کەوتنە پڕوپاگەندە بەزمان دریژیو هەلویستی بیّ ڕیزەوە هەڕەشەی بەردەوامیان دەکردو داواکاری‌ومەرجەکانیگەلی کوردیان ڕەت دەکردەوە،دوژمن نیازی هێرش‌وکوشت‌و بڕیان هەبوو، لە دوایدا دەستەلاتداریەکەی بەعس فەرمانیکی توندی بلاوکردەوە کە تیایدا داوای لە پیشمەرگەکانی کوردکرد کە دەبیّ لە ماوەی چل‌و هەشت کاتژمیردا چەکەکانیان بدەنەوە دەستەلاتدارانی بەعس لە نزیکترین ئەو بنکانەی دەستیان پیڕادەگات، بەلام لەبەرپەرچ دانەوەی ئەواندا چەکدارانی (سلیمان بەگ) لەوکاتە تەنگەدا زیاتر لە حەفتا چەکدار بڕیاریان دا بڕۆنە دەرەوە، بیگومان ڕۆیشتنە دەرەوەی چەکدارەکانی سلیمان بەگ سەرشۆڕیەکی گەورە بوو بۆ دەسەلاتی ڕژیمی بەعس‌و بەرپەرچ دانەوەیەکی کوشندەی کاریگەریش بوو.

بەعسیە ناپاکەکان ئەو سیّ مانگەی کە دریژەیان بە گفتوگۆدا لە ماوەی مانگی (1963/3) تا مانگی (1963/6) تەنها بۆ مەرامی تایبەتی خۆی بووە وەك مناوەرەیەکی سیاسی بۆ ئەوەی لەو ماوەیەدا بتوانیّ زیاتر خۆی ڕیّك بخات‌و ئامادە بیّت بۆ جەنگ، بەعس وای دەزانی بە هەڕەشە چەك بە چەکدارانی کورد دادەنیّ! بیگومان ئەو خۆ ئامادەکردنەی حکومەتی بەعس بیّ بەرامبەر نەبوو، هیزی پیشمەرگەش بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی دوژمن سازو ئامادە بوو، چەند ڕۆژیّك پیش ئەوەی ئیمە بچینە بەرەکانی پیشەوەی بەرەی جەنگ (مقدم عزیز ئاکرەیی) هاتە لای باوکم شەویّك لەلای مایەوەو دوایی بەگوندەکاندا گەڕاو هیزی پیشمەرگەی ئاگادارکردن کە بڕۆنە بەرەکانی شەڕو ئیمەش بڕۆینە سپیلك.

## ئیمەو شەڕی سپیلك

لەسەر ڕاسپاردەی باوکم لە ڕۆژی (1963/7/1) لەدەرگەلە دەرکەوتین ژمارەی چەکدارەکانمان دەگەیشتە پەنجاوحەوت چەکدار، بەریّگای دۆلی ئاکۆیاندا ڕۆیشتین باوکیشم لەگەلمان هات تا سەروچاوەی ئاوی(میگر)، ئەو ڕۆژەی لە دەرگەلە دەرکەوتین بۆ شەو لە گوندی (گەرەوان) ماینەوە بۆ بەیانی ڕۆیشتینە گوندی (ئاکۆیان) بۆ نیوەڕۆ لەسەر کانیاوی (گورانگی) لەگەل پیشمەرگەکانی (ملازم تاهیر) نانی نیوەڕۆمان خوارد، بۆ ئیوارە ڕۆیشتینە گەلی (کەڕەك) کاتیّك نزیك کەوتینەوە لە



Ўзбекистон ССР
МАОРИФ МИНИСТРЛИГИ

Узбекская ССР
МИНИСТЕРСТВО ПРОСВЕЩЕНИЯ

МАҚТОВ ЁРЛИҒИ
ПОХВАЛЬНАЯ ГРАМОТА

Сыр-Дарьинский района
(область, шахар, район, қишлоқ)
даги 9 мактабнинг
VII синф ўқувчиси Зерар
(исми ва фамилияси)
Сулейман Бакирханович га
АЪЛО ЎҚИГАНИ ВА НАМУНАЛИ ХУЛҚИ УЧУН БЕРИЛДИ
„VII" 1950 й. г.

Выдана учени VII класса
школы № 9 им. „Правды" по Сыр-
(села, города, района, области)
Дарьинскому района
Ташкентской области
Зерар Сулейман Бакирханович
(фамилия, имя)
ЗА ОТЛИЧНЫЕ УСПЕХИ И ПРИМЕРНОЕ ПОВЕДЕНИЕ

Мактаб директори (мудири)
Директор (зав.) школы

Т-Л.N4.

**بــڕوانــامـــەی ڕێــز لێنان**

